


# چۆن مامەڵە لەگەڵ مێژوودا بکەین؟

کورد یەکێکە لەو نەتەوانەی لە مێژووی خۆیدا بە بارودۆخێکی نائاساییدا تێپەڕیوە، ئەم بارودۆخەش لە زۆر ڕووەوە تووشی زیان و سەرلێشێوانی کردووە، لەوانەش چۆنیەتی مامەڵەکردن لەگەڵ مێژوو کە هەمیشە ئەو واقیعەی نەتەوەیەک تێیدا دەژی، کاریگەری لەسەر چۆنیەتی مامەڵەکردن لەگەڵ مێژوودا دەبێت، بگرە دەبێتە باشترین شێوە بۆ سوود وەرگرتن لە مێژوو.

بەشێوەیەکی گشتی مامەڵەکردنی هەر نەتەوەیەک لەگەڵ مێژوو، پێوەندی بەچەند خاڵێکەوە هەیە لەوانە: ڕادەی خوێندەواری ئەو نەتەوەیە، ئایا نووسەرەکانی بە زمانی نەتەوەیی نووسیویانە؟ یان بوونی قەوارەی بە هێزی سیاسی ئەو نەتەوەیە کە بۆ نووسینەوەی مێژوو هاندەر بێت، هەروەها کاریگەری ئایین و ئایینزا لەسەر گرنگیدان بە بواری مێژوونووسین و بوونی ئەو دامودەزگایانەی گرنگی بە مێژوونووسین دەدەن.

ئەوەی پێوەندی بە کوردەوە هەیە، ئەوەیە ڕادەی خوێندەواری وەک پێویست نەبووە، ئەوەی هەشبووە خوێندەواری ئایینی بووە، تا کۆتاییەکانی سەدەی نۆزدە، نووسین بە زمانی کوردی بەبەراورد بە ترک و فارس و عەرەب و ئەرمەن و ئاشووری درەنگتر لە لای سەری هەڵداوە، قەوارەی سیاسیی کوردی بەهێز نەبوون تا ببنە هاندەرێک بۆ نووسینەوەی مێژوو، سەبارەت بە ئایینیش تێگەیشتنی کورد بۆ ئایینی ئیسلام ئەوە بووە کە گرنگی بە مێژووی ئایینەکە بدات، نەک بە مێژووی کورد خۆی، ئەمەش پێوەندی بە تێگەیشتنی خوێندەوارانی کوردەوە هەبووە، چونکە هەر ئەم ئایینە هاندەر بووە بۆ ئەوەی لەلای خوێندەوارانی عەرەب و فارس و ترک بە دوای مێژووی نەتەوەکانی خۆیاندا بگەڕێن و بینووسن.

گرنگیدان بە نووسینی مێژوو لەلای کورد بە بەراورد بە گرنگیدانی نەتەوەکانی دەوروبەری کوردستان بە مێژوو زۆر دواکەوتووە، تەنانەت شەرەفخانی بەدلیسی لە ژێر کاریگەری سەفەوی و عوسمانی کە مێژووی خۆیان نووسیوەتەوە، دەستی بە نووسینی مێژووی کورد کردووە، هەروەها محەمەد ئەمین زەکی لە ژێر کاریگەری ترک و عارەب دەستی بە نووسینی مێژووی کورد کردووە.

مێژوونووسانی ئەکادیمی کورد لە ژێر کاریگەری ئایدیۆلۆژی ئەو وڵاتانەی خوێندنیان لێ تەواوکردووەو بڕوانامەیان لێوەرگرتووە، چ لە وڵاتانی داگیرکەری کوردستان، یان لە وڵاتانی ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا بووبێ، تێزەکانیان نووسیوە. ئەوەی جێگای سەرنجە تا ئێستاش " قوتابخانەی کوردی بۆ نووسینی مێژوو" نییە کە مۆرکی تایبەت بەخۆمان هەبێت و لە قوتابخانەکانی نووسینی مێژووی ئەوانی دی جیاواز بێت.

بەشێوەیەکی گشتی کورد هۆشیارییەکی تەواوی بۆ مێژوو نییە، هەندێک مێژوونووس کار لەسەر دروست کردنی هۆشیارییەکی ساختەدەکەن، ئەمەش خزمەت بە کورد ناکات، بەڵکو زیانی پێ دەگەیەنێت، چونکە هەر نەتەوەیەک بیەوێت واقیعی خۆی باشتر بکات، پێویستە خاڵە لاواز و بەهێزەکانی مێژوو دەستنیشان بکات بۆ ئەوەی خاڵە لاوازەکان و بەهێزەکانی بەهێزتربکات.

بۆ دروستکردنی هۆشیارییەکی مێژوویی، بە باشی دەزانین دەزگاکانی ڕاگەیاندنی کوردستان پتر گرنگی بە مێژوو بدەن، لە جیاتی کردنەوەی بەشی مێژووی نوێ لە زانکۆکانی کوردستان، ئەو بەشانەی هەن بایەخی پتریان پێ بدرێت، ئەو توێژینەوانەی لە زانکۆکان دەنووسرێن، بابەتی نوێ بە خۆیانەوە بگرن، نەک هەر بۆ بەدەستهێنانی بڕوانامە و بەرزکردنەوەی پلەی زانستی بنووسرێن، لە هەمووشی گرنگتر دەزگایەک بۆ گێڕانەوەی ئەو دۆکیومێنتانەی لە وڵاتانی جیهان هەن دابنرێت کە ژمارەیان هەزاران دۆکیومێنت دەبێت، زۆر لایەنی مێژووی کورد ڕوون دەکەنەوە کە تا ئێستا دیار نین و تێگەیشتنێکی ڕاستترمان لە بارەی مێژووی کورد پێدەبەخشن تا هۆشیارییەکی مێژوویی باش بێتە ئارا.

لەگەڵ ئەوەشدا مێژوونووسانی کورد گرنگە بەرژەوەندی نەتەوەیی بخەنە پێش بەرژەوەندی کەسی و ناوچەگەری و بتوانن کاری بە کۆمەڵ بکەن، نەک کارکردن لە بواری مێژووی کورد ببێتە ئامرازێک بۆ پەیدا کردنی ناوبانگ بۆ تەنیا مێژوونووسێک.



د. محەمەد عەبدوڵڵا کاکەسوور
(زانکۆی سەڵاحەددین - کۆلێژی ئاداب)